

# جووڵە و شێوەی جەستە لەکاتی وێنەگرتندا

ئافرەتان هەمیشە حەز بە سەیرکردنی وێنە و وێنەگرتن دەکەن، هەمووان ئالوودەی مۆبایلەکانیانن کە ڕۆژانە دەیان وێنەی ڕوخسار و جەستەیان دەگرن، هەندێ جار ڕەنگە چەندین وێنە دووبارە بکەنەوە، تا یەکێکی جوان دەگرن، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە لە کاتی وێنەگرتندا چەند ڕێنماییەك هەن بۆ شێوەی وەستان و جووڵەکردن و شێوەی ناز و مەکریش کاریگەری خۆی لە وێنەکەدا دەبێت، لێرەوە ئەو ڕێنماییانە پەیڕەو بکە، ئەوکات کە وێنەیەك دەگریت بە جوانترین شێوەی دەردەکەویت:



پێویستە لە کاتی وێنەگرتندا ئارام و هێمن بیت، پێویست ناکات نیگەران بیت لە جوان دەرنەچوونی وێنەکە. هەوڵبدە سەیری نێو کامێرایەکە بکەیت کاتێك دەتەوێت چاوەکانت ئاراستەی کامێراکە بن، یان دەتوانی سەیری تەنیشتێکی کامێراکە بکەی بۆ زیاتر پێدانی جووڵەیەکی جوان بە وێنەکە. جووڵەکانی جەستە لە وێنەدا زۆرن و دەتوانی ئەو هەنگاوانە بنێیت تا جوانتر دەربچیت، بۆ نموونە: کاتێك دەتەوێت دەستەکانت لە نێو گیرفانت بێت، وا چاکە تەنیا پەنجەیەکت لە نێو گیرفانت بێت و پەنجەکانی دیکە بە دەرەوە بن، شێوەی وەستانت با نیو بێت، واتە جەستەت بە نیو خولاوەی ئاراستەی کامێرایەکە بێت، هەردەم دەستەکانت نزیکی کەمەر و ناوقەدت بن، کاتێك دەستت لەسەر ڕوخسارت دەبێ، هەوڵبدە لەسەر ڕوومەتەکانت بێت، بەرزکردنەوەی شانەکانت لە وێنەدا ناشایستە دەردەچێت، بۆیە هەردەم نزمیان بکە. لە کاتی وێنەگرتندا یەکێك لە چۆکەکانت بنووشتێنەوە.



# بلوزی گەورەی پلۆڤەر بۆ وەرزی سەرما

ماوەیەکە پلەکانی گەرمی نزم بۆتەوە و بەم چەشنە سەرما و سۆڵە رووی تێکردووین، خۆپاراستنمان لەسەرماوە، دوور دەبین لە نەخۆشی و تێکچوونی باری تەندروستی، هەروەها خۆپاراستن یارمەتی پێست دەدات کە لە وشکبوون و قلێش و زیپکە دوور بکەوێتەوە، بۆ خۆپاراستن لە سەرمای ئەو وەرزە پێویستمان بە جلی ناوازە دەبێت، کە سەراپای بەشی سەرەوەی جەستە داپۆشێت. گۆڤاری ئین ستایلی ئەڵمانی بۆ ئەو مەبەستە تیشکی خستۆتە سەر پۆشینی بلووزی گەورە کە بە (پلۆڤەر-Pullover) ناسراوە و جگە لەوەی جەستە دادەپۆشێت، هەروەها مۆدێکی نایاب و سەرنجڕاکێشە. نهێنیی جوانیی پلۆڤەر ئەوەیە کە جەستەی خانمان ورد و ناسك نیشان دەدات، لەو کاتەی بەشێکی جلەکە دەکەوێتە سەر کەمەر و ران، هەروەها بەشێکی دیکە لەسەر دەستەکانەوە زیاتر دەردەچێت، تۆی خانمیش دەتوانی ئەو جلە لەگەڵ پانتۆڵ و تەنوورە بپۆشی، لە بارەی ڕەنگی ئەو جلەوە دەتوانی ڕەنگەکانی، شین، سوور، قاوەیی، زەردی کاڵ، سپی، ڕەش.





# ڕێنماییەکانی هەڵبژاردنی کراس و ئارایشتی قژی بووکان

ئەو کچانەی کە دەستگیراندارن لە سەروبەندی بەر لە زەماوەندیان خەریکی ڕێکخستن و ئامادەکاری بۆ ئەو ڕۆژەیان دەبن، ڕەنگە زۆر جار بەهۆی لە بیرچوون و نەبوونی زانیاری و شارەزایی دوچاری هەڵەی لەو ڕۆژەدا ببنەوە، بۆ نموونە: هەڵبژاردنی ئارایشتی قژ پێویستە بەند بێت لەگەڵ جۆری کراسی بووک، شیککردنی ئەو دوو لایەنە جوانییەکی تەواو بە بووکەخان دەبەخشێ و شایستەی مۆدێکی نایاب دەبێت. (نویزیۆ سافیانۆ) خاوەن سالۆنی (سافیانۆ) لە نیۆیۆرك بۆ ئەو مەبەستە دەڵێ: کاتێك بەشی شانەکانی کراسەکەت لە دەرەوە کراوە دەبێ، پێویستە ئارایشتی قژی هەڵگیراو هەڵبژێریت. بۆ ئەوانەی خوازیاری کراسی مل ژمارە (٧)، یان پیتی (V)ی ئینگلیزین، پێویستە بەشێکی قژیان هەڵگیراو بێت و بەشێکی دیکە بکەوێتەوە سەر سینگیان. ئارایشتی کلکە ئەسپ بۆ ئەو جۆرە کراسانەیە کە تاك شانێکیان ڕووتە و ئەوەی دیکە داپۆشراوە. ئەوانەی کراسەکانیان سادەیە، پێویستە قژیان بهێننە سەر لایەکی سەرشان و بەشێکی ببەسترێت. بەستانی قژ لە بەشی پشتەوە بۆ ئەو کراسانەیە کە مل دادەپۆشن. لەو کاتەی پێویستە قژت بە تەواوی بەستراو بێت، کە کراسەکەت شانەکانت دادەپۆشێت.



## موزەخانەی مەلەوانگە

لە هەندێ فیلمەکانی سینەمادا دیمەنی سەیر و سەمەرەی نێو مەلەوانگەکان بەرچاومان دەکەوێت، تەنانەت هەندێ جار کەسەکان لەژێر ئاودا دەبن و بەبێ ئەوەی ئامێری هەناسەیان بە دەمەوە بێ، رەنگە ئەوەش پرسیار و گومان دروست دەکات، ئاخۆ چۆن ئەو دیمەنانە وێنەیان گیراوە، وەڵامی ئەو قسانە ئەو مۆزەخانە مەلەوانگەیەی وڵاتی ژاپۆنە، کە لە موزەخانەکەدا سەیرترین مەلەوانگە دروست کراوە، کاتێك سەردانی ئەو شوێنە دەکەیت، وادەزانی هەموو نمایشەکە لەناو ئاودا دانراوە، کەچی هەموو کەرەستەکان ئاسایی دانراون و تەنیا تەنێکی شووشە بە ئەستووری (١٠) سەنتیمەتر لە نێوان خەڵك و کەرەستەکاندا هەیە، ئەو تەنە شووشەش شلەیەکی تێکراوە کە دیمەنەکان لەبەر چاوت لێڵ دەکات و هەموو کەرەستەکان وادەردەکەون کە دەجووڵێن و لە نێو ئاودایە، کەچی راستییەکە ئەوەیە تەنیا فێڵکارییەکی چاوە و کەرەستە و مرۆڤەکانی نێو ئاوەکە لەژێر ئەو تەنە شووشەیە وەستاون، یان دانیشتوون.

## داهاتووی ئۆتۆمـــــــ

پێشبینییە زانستییەکان دەریدەخەن، لە ماوەی (٢٠) ساڵی داهاتوودا گاز و بەنزین بە یەکجاری قەدەغە بکرێن و کاریان پێنەکرێت، بەهۆی ئەوەی لەو (٢٠) ساڵەی داهاتوودا تەوژمی گەرمی و پلەکانی گەرما لە جیهاندا بە رێژەیەکی زۆر بەرز دەبێتەوە و ئەمەش کاریگەری ترسناك لەسەر کەش و هەوا و ژینگەی گۆی زەوی دروست دەکات، هەر بۆیە لە پرۆژەکانی داهاتووی ئۆتۆمبێلدا سووتەمەنی نامێنێت، کارەبا و وزەی خۆر دەبنە سەرچاوەی وزە بۆ بەکارخستنی ئۆتۆمبێلەکان



## چاڵێکی نیو سەدە گڕکان

هەندێك بە دەروازەی دۆزەخی ناو دەبەن، بەشێکی دیکە بە کونی زەوی بەرەو ناوکی زەوی دەیناسێنن، زانایانی جیۆلۆجیش دەڵێن: سەرچاوەی هەموو گڕکانەکانی ژێر زەوییە، شێوەی وەك چاڵ وایە، لە دوورەوە بە کونێکی گەورە دەچێ، ئەو چاڵە گەورەیە دەکەوێتە شاری (ئەشق ئەباد) لە وڵاتی تورکمانستان، تیرەکەی (١٠٠) مەترە و مەزندەی قوڵیشی دەکرێت دەگاتە (٥٠) مەتر، ماوەی (٤٣) ساڵە بەردەوام ئاگر و گڕکان تیایدا دێتە دەرەوە، ئەو چاڵە لە ساڵی (١٩٦٧) دروست بووە کاتێك ئامێرێکی حەفارە





## ـــــــبێل لە جیهان


بەکاردەهێنرێـن، هەروەهـا لە پێشـبینییەکاندا هاتووە کـە شـۆفێریش نامێنێـت، بەڵکـو ئۆتۆمبێلـەکان بـە کۆمپیوتـەر و پرۆگـرام خۆیـان بێـن و بچـن، واتـە مرۆڤ تەنیا سەرنشینێك دەبێت و ڕۆبۆتەکان کاری شۆفێری دەکەن، نێو ئۆتۆمبێلەکان دەبنە دیوەخانێکی بچـووك، ئەوانـەی سـەردەکەون بـە سەرسوڕمانەوە سـەیری دەکەن. لە ئێسـتاوە کۆمپانیای مارسیدسی ئەڵمانـی ئەسـپی خـۆی تـاو داوە و ئۆتۆمبێلێکـی بـۆ ئـەو زەمینەی داهاتـووە دروسـتکردووە بە ناوی (f015)، کـە ئۆتۆمبێلێکی مواسـەفات خەیاڵییە و جێگەی سەرنجە.



## وێنەی هاوسەری لە بناری شاخ

هەمیشـە بـووك و زاوای ئـەو زەمانـە جوانتریـن شـوێن و دیمـەن بـۆ وێنـەی هاوسـەرییان هەڵدەبژێرن، زیاتر باخچە و باڵەخانە و شوێنی سرووشتی دەکەن بە باکگراوندی وێنەکانیان، بەڵام ئەو دوو هاوسەرە بەریتانییە شێوازێکی تازەیان لە وێنەی هاوسەری هێنایە کایەوە، ئەویـش وێنـە گرتنـی بناری شـاخ و چیایـە، هەر یەکە لە (شـاین و واینی) بووك و زاوا، بەرزتریـن زنجیـرە شـاخەکانی وڵاتـی چینیان کردە شـوێنی وێنەگرتن، کە لە لێـواری چیـای (چایـا)ی لە ناوچەی زومادیانی سـەر بە هەرێمی (گەنان)ە لە وڵاتی چین، بەرزی شـوێنەکە دەگاتە (٣٣٠) مەتر، هەر یەکە لە بووك و زاوا بە گوریس خۆیان بەستاوەتەوە لە ترسی کەوتن، بیرۆکەی ئەو کارەیان لە زنجیرە درامانـی تەلەفزیۆنـی چینی (گەشـتێك بەرەو خۆرئـاوا - Journey To The West) وەرگرتووە، کە بەناوبانگترین زنجیرەکانی وڵاتی چینە.





دەکەوێتە نێو ئەو شوێنە و چاڵەکە دروست دەبێت، تا ئێستا لەو چاڵەدا گڕکان دێتە دەرەوە و سەرچاوەی گڕکانەکەش نازانرێت، بەڵام ئەوەی بۆی دەچن کە بەرەو نێو زەوی بچێت و دەروازەی هەڵدانی ئاگر و گڕکانی نێو زەوی بێت.





## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە گوزارشت لـە کار و کردارەکانی مـرۆڤ دەکات، کـە لەلایـەك دارەکانی سرووشت دەبڕێتـەوە و پاشـان دارەکان بـە مـردوو دادەنێـن و ژینگـە و سرووشت بـە وێرانی هەژمار دەکەیـن.



## پەند و وتە

نەیـل پۆسـتمان، کەسایەتی ڕۆشـنبیر و میدیـاکاری ئەمریکـی، سـاڵی (١٩٣١) لـە شـاری نیویـۆرك سـیتی لەدایـك بـووە و لـە سـاڵی (٢٠٠٣) کۆچـی دوایـی کردووە، دەربارەی بڕیار و چارەنووس دەڵێ: ئەگەرچی ناتوانیت ڕێگـە لـە چارەنووست بگریت، بـەڵام دەتوانیت خـۆت هۆشـیار و بـە ئـاگا بکەیـت لـە چۆنیەتـی و ڕێگـەی بڕیـاردان بـۆ چارەنووسـت، بـەم جـۆرەش پێویسـتە ئـاگادار بیت کاتێـك بڕیـار لەسـەر کەسـێکی دیکـە دەدەیـت، ڕەنگـە بڕیارێکـی هەڵـەش بێـت.

## فۆتۆگراف



یەکێکـە لـە بەرهەمـە ناوازەکانـی فۆتۆگرافـەری ئەمریکـی (گلێنـا گـۆردۆن)، کـە زیاتـر وێنەکانـی لـە شـێوەی تابلۆدا دەچن و هەمیشـە کارە فۆتۆگرافەرەکانی بـە تابلـۆی زێڕین ناوزەنـد دەکرێن، لە دایکبووی شـاری نیویۆرکـی ئەمریکییـە، لە سـاڵی (١٩٧٥) لەدایك بووە، دوای ئەوەی بڕوانامەی ماسـتەر لە بواری ڕۆژنامەوانی وەردەگرێت، پاشان دەست بە کاری وێنەگرتن دەکات، ئەو وێنەیەی باس لە جلی یەکپۆشی قوتابیانی قوتابخانەکان دەکات، کـە مەبەسـت لـەو جلانـە ئەوەیـە ئاخـۆ کێـن ئەو کەسانەن کە خاوەن بیر و عەقڵێکی گەورەن و ئەو جلانەش دەپۆشـن، هەروەها ئاماژە بە جلی ئەو قوتابیانەش دەکات کـە لـە هێرشـەکانی بۆکۆحەرامـی وڵاتـی نێجیریـا بـۆ سـەر قوتابییـان کوژران کە زیاتر لـە (٢٧٦) قوتابی بوونە قوربانی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریسـتییە، وێنەکە بە کامێرای ( CANON EOS5D) گیـراوە بـە ( shutter speed 1/125) و( F-stope 11) و (Focal Length 43mm) و (ISO 100).

## هاوڕێتی نێوان کچ و پشیلەیەک

هاوڕێتی و نزیکبوونەوەی نێوان مرۆڤ و گیانداران سنووردارە، کـە جار جار دیـاردە و حاڵـەت دەردەکـەون گیاندارێکی ترسناك، یان خۆماڵی لەگـەڵ کەسێکدا ڕۆژانـەی ژیانیـان بەیەکـەوە بەسـەر دەبـەن، وەك ئـەو کچـە ژیکەڵەیـە کـە ئەوەنـدەی لەگـەڵ پشـیلەکەی یـاری دەکات، هێنـدە لەگـەڵ دایـك و باوکـی نییـە، نـاوی (کاترین)ـە و تەمەنـی (٤) سـاڵە، پشـیلەیەك بـەر لـە لەدایکبوونـی ئـەو کچـە لەلایـەن دایکـی ئـەو منداڵـەوە پەروەردە و بەخێو کراوە، پشیلەکە بە (لیلۆ) بانـگ دەکرێـت و تەمەنـی (٦) سـاڵە، هاوڕێتـی نێوان ئـەو کـچ و پشـیلەیە، وایکـردووە کـە سـەرەنجی فوتۆگرافەرەکانیـش ڕابکێشـێت، ئەوەتـا ناودارەتریـن فۆتۆگرافـەری شـاری سـانت بترسبۆرگی ڕووسـی (ئەنـدی پرۆگ) وێنـەی ئـەو کچـە و پشـیلەی بـڵاو کردۆتـەوە.



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

شێوازی مامەڵە بگۆڕە و کارێك مەکە ببێتە هۆی پەشیمانیت، کەسایەتیت بەهێزە و ئەوانەی دژایەتیت دەکـەن دەگەڕێنـەوە بـۆت، هەندێـك پێشـەوەچوونی ئیجابـی ڕوودەدات و دڵخۆش دەبیت، بەڵام یەکێك لە کەسە نزیکەکانت ڕەنگە دووبارە پەرێشان و خەمگینت بکاتەوە، بۆیە دەبێت زۆر ئاگاداری خۆت بیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

بـڕوات بـە خـۆت بێـت کـە کارەکانت سـەردەگرن و تـۆش هەسـتت بەهێـزە و بـەر لـە ڕووداوەکان کاریگەرییـان دەزانیـت، قوربانـی زیاتـر مـەدە، بیرو مێشـکت بخـەرە کارو لەگـەڵ دەوروبەریش ململانێ مەکـە، ماوەیەکیشـە هەندێ ئامـاژەت بـۆ دەکرێت وخۆت تێی دەگەیت. باری دارایيشت باشتر دەبێت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەرکێکـی قورسـت لەسـەر شـانە و هیـوای داهاتـووت بخـوازە، لـەم ماوەیـەدا کارەکانـت بـە ناخۆشـی تێدەپـەڕن، بـەڵام ئارام بگرە، هەسـت بە ئارامـی وگەشـبینی دەکەیـت وچالاکیـت بـەرەو باشـتر دەچێت، ئەوەش بارودۆخ و ژیانت لا شـیرین دەکات ولەوانەشـە دەسـتکەوتی دارایی وسۆزداری لەگەڵ بێت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢


بڕیارەکانـت لـە دەسـت خۆتـە و مەهێڵـە کەسـانی دیکـە تێیـدا بەشـدار بـن، کەسـێکی خاوەن ڕەوشـتێکی بەرزی و کارەکانت بە جوانی بـەڕێ دەکەیت، ئەگەر ئەمـڕۆ گفتوگۆت کرد دەربـارەی ئیشـ‌ء کارەکانـت، ئـەوا زۆر وریا بە، چونکـە بـارودۆخ زۆر ناڕێك وناگونجاوە بۆ ئەم جۆرە ئیش و کارانە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

خـەم لـە ڕابردوو مەخۆ و ئەرکی داهاتووت بە جوانی جێبەجێ بکـە، هەمیشـە بـە دڵسـۆزیەوە کار دەکەیت و ئەوە سـەرکەوتووی کردووی، زۆر لەهەوڵی ئەوەدای کە هەر چۆنێك بێت و بەهەر شێویەك بێت ڕاوبۆچوونەکانی خـۆت بەسـەرۆ خۆشەویسـتەکەت بسـەپێنی، ئەمـەش کاریگەری خراپی لەسەر پەیوەندیەکانت دەبێت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لەگـەڵ کەسـانی دەوروبەر ماوەیەکە تووشـی کێشـە بوویـت، ئـەوەی لەسـەرتە تەنیـا ئەوەیـە یەکسـانی نێوانیـان بپارێزیـت و خەم لـە داهاتوو مەخـۆ، چاو بـە پەیوەندییـە کۆمەڵایەتیەکانتدا دەخشـێنیتەوە، باری داراییت بەسـەر کۆسـپێکدا زاڵ دەبێـت وبـەرەو باشـتر هەنـگاو دەنێیـت، چاودێری تەندروستیشت بکە.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا چەندین ڕێگەی جۆراوجۆر هەن، کە لە نێو هەموو هێڵەکاندا تەنیا ڕێگەیەك ڕاستەقینەیە، بۆ زانینی زیرەکیت هەوڵبدە لەماوەی (٢) خولەکدا ڕێگە ڕاستەقینەکە دیاری بکەیت.



## نوکتە

جارێکیان مامۆستایەك بە قوتابییەکان دەڵێ: وێنەکم بۆ بکەن، هەر یەکە وێنەیەکی کێشا، یەکێك لە قوتابییەکان هیچ شتێکی نەکێشابوو، مامۆستا هات و گوتی ئەوە بۆ شتێکت نەکێشاوە؟ قوتابییەکەش دەڵێ: وێنەی گیا و سەوزایی و مانگایەکم کێشابوو، مامۆستاکەش دەڵێ: ئەی کوا گیا و سەوزاییەکە؟ قوتابییەکە دەڵێ: مانگاکە خواردی ! مامۆستاکە دەڵێ: ئەی کوا مانگاکە؟ قوتابییەکەش دەڵێ: دوای ئەوەی مانگاکە گیاکەی خوارد ڕۆیشت.

# گرانترین پارچە ئەڵماس

ماوە ماوە نرخی گرانترین کەرەستە و کەلوپەل بڵاو دەکرێنەوە، کە نرخی هەندێکیان خەیاڵییە و جێگەی باوەڕ نین، لە ماڵی کریستی بۆ نرخی ئاشکرا لە وڵاتی سویسرا، گەورەترین پارچە ئەڵماس فرۆشرا، ئەو پارچە ئەڵماسە لە مەزادی نرخی ئاشکرادا لەلایەن کەسێکەوە بە بڕی (٣٤) ملیۆن دۆلار کڕدرا، ئەو پارچە ئەڵماسە لە وڵاتی (ئەنگۆلا) دۆزراوەتەوە، ناوی (ڤەن گریسنۆس)ـە و (٤٠٤) قیرات دەبێت، بەر لە (٢٧) ساڵ دۆزراوەتەوە و تا ئێستا گەورەترین پارچە ئەڵماسە، نزیکەی (١٤) وەستای ئەڵماس کاریان لەسەر چێککردنی ئەو پارچە ئەڵماسە کردووە، قەبارەی ئەو ئەڵماسە هێندەی پوولێکی دۆمینە دەبێت.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ماوەیەکە کێشەکانت زۆر بوون و تۆش بێزاریت پێوە دیارە، هەوڵەکانت بە جوانی بدە و ئەوەی لەسەرتە جێبەجێیان بکە، بەخت خەندەت بۆ دەکات وئەزموونی زیاتر وەردەگریت، ڕەنگە لە ئەنجامی چەند هەڵەیەکت وانەی باش فێر ببیت، لەوانەیە دڵت بۆ کەسێك بکەوێتە دڵە خورپە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

تا دێ بڕوات بە خۆت نامێنێت و ئەوەش لە ئەنجامی ئەو کێشانەیە کە ماوەیەکە بەرۆکی تۆی گرتوون، ئارامت هەبێ، چارەسەر دەبن، زیاتر لە ماوەی پێشوو خۆت بە حیساباتی داراییەوە خەریك دەکەیت و بیر لە داهاتی زۆرتر دەکەیتەوە، پێویستە هاوسەنگییەك بۆ خەرجییەکانت دابنێیت، زیاتر گرنکی بە هاوڕێکانت بدە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

کاریگەری کێشەکانی پێشووت لەسەر ماوە، بڕیارەکانت بە زوویی جێبەجێ بکە، زۆر بەپەرۆشەوە کاردەکەیت و لەهەر کاتێك زیاتر ئارەزووی کۆکردنەوەی پارە دەکەیت، لەوانەیە لەم بارەیەوە بڕیارێکی گرنگ ویەکلاکەرەوە بدەیت و ئەنجامێکی باشی دەبێت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

پارێزگاری لە دەستکەوکانت بکە و ئەوەی هەتە بە قورسی دەستت کەوتوون، بۆیە لە دەستیان مەدە، بەخێرایی گۆڕانکارییەکی ئیجابی دەکەیت لە بواری ئیش وکارەوە، ڕەنگە لە ڕۆژانی داهاتوو بگەیتە ئەنجامێکی باش وگرفتێکیشت بەرەو چارەسەری بڕوات.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

هەستت بەرزە و لەگەڵ کەسێك بە جوانی ڕەفتار دەکەن، ئازاری زۆرت چێشتووە و مەهێڵە لە داهاتوودا کاریگەریت لەسەر بکەن، کەسێکی ناودار لە ژیانت بە توانا فکری پیشەییت سەرسام دەبێت، تۆش بەوە سوودمەند دەبیت، لایەنی دارایی وسۆزداریت جێی دڵنیاییە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ڕووی کارەکانت بەرەو سەرکەوتنەو کەسێکی خاوەن هەستێکی گەورەی و هەمیشە قوربانی دەدەیت، بڕوات زیاتر بە کەسانی دەوروبەرت هەبێت، با دووبارە ڕەشبینی باڵ بەسەر ژیانتدا نەکێشێ، ڕاستە کەمێك دوودڵ دەبیت، بەڵام ئەمە زۆر ناخایەنێت و وردە وردە لەم فشارە دەروونییە ڕزگارت دەبێت.